Consulate of the United States of America

Erbil, Iraq

کونسوڵخانەی گشتی ئەمەریکا
هەولێر، عێراق
بۆ بڵاوکردنەوەی دەستبەجێ
١٠ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٠

شاندێکی پلە بەرزی ئەمەریکا سەردانی هەولێر دەکات

لە ڕێکەوتی 9 و 10 کانوکی یەکەم، دەیڤد شەنکەر، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک و دەیڤد کۆپلی، جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری عێراق بە هاوڕێیەتی ماسیو تولەر، باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق سەردانی هەولێریان کردو لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراق کۆبوونەوە، لەناویاندا مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بافڵ تاڵەبانی، هاوسەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها دکتۆرە خانزاد ئەحمەد، ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان.

بەشداربووانی کۆبوونەوەکان زنجیرەیەک بابەتی ئەمنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریان تاوتوێکرد ، لەوانەش پابەندی ئەمەریکا بە هاوشانیکردن لەگەڵ هێزەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و هەروەها پرۆسەی چاکسازی وەزارەتی پێشمەرگە. شاندەکە ستایشی بەرەوپێشچوونی تواناکانی هێزە ئەمنیەکانی عێراقیان کرد، بە وەزارەتی پێشمەرگەشەوەو هەروەها سەرکەوتنی هاوبەشیان لە شەڕی دژ بە داعش، کە وایکرد هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بتوانێت هەڵمەتەکەی بگوازێتەوە قۆناغێکی تر و گرنگی بە ڕاهێنان و دابینکردنی کەلوپەل و پشتیوانیکردنی هێزە ئەمنیەکانی عێراق بدات.

سەرکردەکان هەروەها باسی پێشهاتە سیاسیەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق و هەرەوەها سیاسەتی ناوخۆی نێوان پارتە کوردیەکانیان کرد. شاندەکە پشتیوانی خۆی بۆ گفتوگۆی بەردەوامی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان، بە پشتوانی کردن لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی شەنگالیشەوە. شاندەکە هەروەها هانی ڕابەرانی هەرێمی کوردستانی عێراقی دا بۆ برەودان بە یەکگرتوویی لە نێوان پارتە کوردییەکان لەپێناو مسۆگەرکردنی ئارامی و سەقامگیریەکی باشتر. بەرپرسانی ئەمەریکی دووپاتیان لە گرنگی ئازادی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن کردەوەو نیگەرانیان سەبارەت بە توندوتیژیەکانی ئەم دواییانەی پارێزگای سلێمانی دەربڕی.

بەرپرسانی ئەمەریکاو هەرێمی کوردستانی عێراق هەروەها ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد لەسەر کەرتی وزەو ئابوری. شاندەکەی ئەمەریکا پشتیوانی بۆ هەماهەنگی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبواری بودجەو بابەتی تایبەت بە وزە دەربڕی و جەختی کردەوە هاوئاهەنگی یارمەتی ڕەخساندنی ژینگەی وەبەرهێنان دەدات. کۆمپانیاکانی ئەمەریکا ئارەزوی گەڕان بەدوای دەرفەتی وەبەرهێنانیان لەهەرێمی کوردستان هەیە، هەروەها ئەم جۆرە وەبەرهێنانە یارمەتی هەمەجۆرکردنی گرنگی ئابوری خۆجێیی دەدەن.

بەر لە کۆتایی سەردانەکە، شاندەکە گفتوگۆی پلانی هەرێمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد تایبەت بە ژنان و ئاشتی و ئارامی و هەرەوەها ئارەزوو و هەوڵی هاوبەشی هەردوولایان دەربڕی بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری.

###